# بیری ئازاد و بازاڕی ئازاد

بەشی دووەم

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە

لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و سوید و هەموو ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکادا ، هەر لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتاییەوە بیگرە تاوەکوو تەواوکردنی زانستگا ، هەفتانە ڕاپۆرت لە سەر هەموو قوتابییەک دەنووسرێ و لە دۆسییەیەکی تایبەتیدا دەپارێزرێ . چاودێری هەر یەک لەو قوتابییانە دەکرێت تا بزانن لە کام ڕشتە لە ڕشتەکانی خوێندندا سەرکەوتنیان تێدا بەدی هێناوە ، بیرکاری ، کۆمەلایەتی ، ئابووری ، مێژوو ، جوگرافییا ، ماتماتیک ، کۆمپیوتەر ... هتد . تەنانەت لە کاتی پشوودان و یاریکردنیشدا چاودێرییان دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کام لەو قوتابییانە دەتوانێ لە بوارە جیاوازەکاندا سەرنجی قوتابییەکانی دیکە بە لای خۆیدا ڕاکێشێ و جێی متمانە و ڕەزامەندیی زۆربەی قوتابییان بێ ، ئەوەش لە دۆسییە تایبەتییەکەی ئەو قوتابییەدا تۆمار دەکرێ و پێشبینی ئەوەی لێدەکرێ کە لە پاشەڕۆژدا لە بواری سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێ . لە هەر قۆناغێکیش لە قۆناغەکانی خوێندندا ، مورشیدی پۆلەکە ئەو قوتابییانە هەر یەک بە جودا بەرەو خواست و ویست و ئارەزووەکان هان دەدات و بە تێروتەسەل ڕێنمایيان دەکات . بۆ بەڵگە ڕووباری کوڕە بچووکی من چونکوو لە بواری کۆمپیوتەردا زۆر زیرەک بوو ، لە پیش تەواوکردنی پۆلی نۆیەمدا ، قوتابخانەیەکی دیکەی ستۆکهۆڵم کە لە بواری ڕشتەی کۆمپیوتەردا پسپۆڕ و پرۆفیشناڵن ، نامەیەکیان ئاراستەی ڕووبار کرد و بەڵێنی ئەوەشیان پێی دا کە ئەگەر ساڵی داهاتوو بۆ قوتابخانەکەی لای ئەوان بگوێزێتەوە ، کۆمپیوتەرێکی دوا مۆدێلی جانتای دەستی بە تۆڕی ئەنتەرنێتەوە بە خەلات دەدەنێ و ساڵانە هەموو خەرج و مەسرەفێکیشی لە ئەستۆ دەگرن ، سویدی بەڵێن نادات ، کە بەڵێنیشی دا ئیتر خاوەنی بەڵێنی خۆیەتی و درۆکردن لە فەرهەنگی ئەواندا تاوەکوو ئێستا گەرای لێ نەخستووە . ئەم داخوازییە نەک بە زۆرەملێ بەڵکوو بە ویست و ئارەزووی خودی قوتابییەکە دەستەبەر دەبێ ، چونکوو ڕەوشی دیموکراتییەت و یەکسانی و بەرزڕاگرتنی سەروەریی یاسا لە سوید ، لە سەرەوەی قەڵەمڕەویی دەسەلاتی حیزبی دەسەلاتدار و کەسایەتییە سیاسییەکانیشەوە دێ ، دەسەلاتی بەرفرەوانی دادگا لە وڵاتی سوید ، لە هەموو دەسەلاتێکی تەشریعی و تەنفیزیش جیا کراوەتەوە و بە هەموو مانایەک سەربەست و سەربەخۆیە و دەتوانێ تەنانەت پاشای سویدیش ڕاپێچی دادگا بکات .

لە کوردستانەکەی لەمەڕ خۆشماندا ئێستا بە هەمان شێوە سەرانی پارتی و یەکێتی ، بۆ قەرەبۆکردنەوەی هەشتا ساڵ لە ژێردەستەیی و ئەنفال و کیمیاباران و ئەشکەنجەی نێو زیندانەکان و بە مەبەستی گۆڕکردن و سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی درێژخایەنی ناوخۆی براکوژی و کوردکوژی و بە داوای لێبوردنەوە لەو میللەت و نەتەوەیە ، ئێستا بێ وچان سەرقاڵی کردنەوەی دۆسییەی تایبەتیی بوارەکانی زانست و ڕۆشنبیری و وڵاتپارێزی و کارامەیی و خۆڕاگری و لێهاتوویی نا ، بەڵکوو کردنەوەی دۆسییەی تایبەتیی ئاساییش و ئەمنین بۆ هاووڵاتیانی کوردی ناوەوەی وڵات و تەنانەت دەربەدەرانی هەندەرانیش ، چونکوو بەلای هەموو خاوەن دەسەلات و ڕژێمە ڕەفتار دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوینەوە ، تەنیا دەوڵەتی ئیسرائیلی لێ بترازێ ، تێکرای هاووڵاتی و هاوزمانیی زێد و نیشتیمان ، خائین و دوژمنی سەرەکی و تاوانباری یەکەمن ئەگەر بێت و پێچەوانەکەی بە کردەوە نەسەلمێنن و سەری نەوازش بۆ زەبری دەسەلاتی حیزبایەتیی یەکێک لەو حیزبە قەڵەمڕەوانە شۆڕ نەکەن و نەبنە کاسەلێسێکی گوێڕایەڵ و حەڵقەلەگوێیەکی پاساودەر و نەوژەنێکی داهێنەری کارامەی بوارەکانی مەراییکردن و قەڵەمفرۆشی .

کەس لە پرێکدا نەبووە بە کوڕێک ، بەڵام ئەو دوو حیزبە دەسەلاتدارەی پارتی و یەکێتی ، بە درێژایی چواردە ساڵی ڕەبەق لە ململانێیەکی ناپیرۆز و داهێنانێکی نوێ لە نەوژەنکردنەوەی شەڕی کوردکوژی و لەبەر شەڕی دەسەلات و شەڕەپەڕۆی بیری تەسکی حیزبایەتی و مەحسووبییەت و مەنسووبییەت و پێگە و پایە و بەشینەوەی قۆنتەراتی نامەشرووع بە سەر حاشییەی گەندەڵی نێو کۆشک و تەلاری دەسەلات و حەڵقەلەگوێیانی دەوروبەری خۆیاندا ، کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێمیشی سەرباری بێت ، کە چوار مانگی ڕەبەق هەموو کێشە چارەنووسسازەکانی بە کەرکووکی قودس و دڵی کوردستانیشەوە بە هەڵپەسێنراوەیی هێشتووەتەوە ، ئایا تاوەکوو ئێستا پەرژیونەتە سەر ئەوەی تەنیا هەنگاوێک لە بەرژەوەندیی ئەو خەڵکە کوڵۆڵ و چەوساوەیەدا بەرەو پێشەوە بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراتییەت و ژیانی پەرلەمانی بنێن ؟ چەسپاندنی دیموکراتییەت لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان و گوزەراندا ، لە دوو خاڵی سەرەکی پێک دێن ، هەنگاوی

یەکەمیان دامەزراندنی لیژنەیەکی بالادەستە لە کەسایەتی و خەڵکانێکی پسپۆڕ کە پێویستە لە لایەن پەرلەمانەوە ئەرکی دارشتنی پرۆگرامێکی دیموکراتییانەی تۆکمەیان پێ بسپێردرێ ، بە مەرجێک تێکرای دامودەزگا و بوارەکانی ژیان و گوزەران بگرێتەوە ، وێرای دەسنیشانکردنی بودجەیەکی لەبار و کراوە بۆ راپەراندنی کارەکانیان . دووەمیان هەڵهێنانەوەی یەکەم هەنگاوی پراکتیکیی دیموکراتییانەیە ، کە دەبێ لە پێویسترینەوە بەرەو پێویستتر و پێویست ، دەس پێبکات و هەنگاوی بۆ هەڵێنرێ ، کە باشتر وایە پێشەکی لە زانستگە و قوتابخانەکانەوە سەرهەڵبدات ، چونکوو قوتابییان چ مەودای فێربوون و چ پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان هەژی و فرەوانترە و بە خوێنێکی گەرمەوە باوەش بۆ دیاردە ئەرێنییەکان دەگرنەوە و بە جۆشوخرۆشەوە لە ئامێزی دەگرن ، مامۆستاکانیشیان هەمیشە هاوکار و هاودەنگ و هاوڕاز و ڕێپیشاندەرێک دەبن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەر تەنگەژە و کۆسپێک ئەگەر بێتە رێگایان . هەر بۆیە لە مێژەوە وتراوە کە قوتابییان لە بواری هەموو شۆڕشێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێکدا ، هەمیشە هاوچەرخانە نوێنەر و پێشەنگی ڕاستەقینە و سەرەنێزەی هەموو بەرەوپێشەوەچوون و بەرەنگاربوونەوە و گۆڕانکارییەک بوون ، شۆڕشە وجودییەکەی جان پۆل سارتەری فەرەنسا باشترین بەڵگەی زیندووی سەردەمە کە قوتابییان کەرەسەی گۆڕانکارییەکان و پێشڕەوی ڕاستەقینەی ئەو شۆڕشە رۆشنبیرییە بوون کە سەرانسەری جیهانی بەرینی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو ، چونکوو دەستەبەرکردنی ئەو رەوشە دیموکراتییەی کە قوتابییان بە پراکتیک لە نێوان دامودەزگا پیشەیی و سڤیلێکانەوە پیادەی دەکەن ، بێگومان دەتوانێ لە نێو خێزان و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیاندا پۆزەتیڤانە ڕەنگ بداتەوە و ڕاشکاوانە گوزارشی لێ بکەن ، چونکوو ئەوە بەدیهییەکە و لە مێژدا سەلمێندراوە کە وزە و هێز و توانا و هزر و بیرکردنەوەی قوتابییە گەنجە رۆشنبیرەکان ، چەندین بار لە گەورەپیاوان زیاتر و لەبارترە . ئیتر هێندەی پێ ناچێ پرۆژە دیموکراتییەکان خۆیان هێدی هێدی و یەک بە دوای یەکدا بە شێوەیەکی سروشتی دێنە پێشەوە و دەچەسپێن و دەبنە بەردی بناغە بۆ خۆشگوزەرانیی نەوەی ئێستا و پاشەرۆژ . سەقامگیربوونی دیموکراتییەت لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر دەسەڵاتداران بە ڕاستی مەبەستیان بێت و بۆ ڕووکەش و لەخشتەبردن و فریودانی خەڵکانی خاکی و سادە نەبێت ، ئەو ئەرکە گرانە نییە وەکوو سیاسەتمەدارە ڕەفتار میکافیلییەکانی کورد کە هێشتا لە ئەلفوبێی سیاسەت تێ نەگەیشتوون یان نایانەوێ تێی بگەن ، لە پێش چاوی تاک و جەماوەری داماوی کوردستاندا کردوویانەتە قەڵایەکی سەخت و کۆشکە دژوارەکەی کافکا ، کە ئەوەندە زەحمەت و گران بێت کەس نەتوانێ توخنی بکەوێت و خۆی لە قەرەی بدات ، وەکوو پێشینانیش وتوویانە بارانی بە خوڕەم لە بارینی دڵۆپەیەکەوە دەس پێدەکات . موحاسبی ، قوتبی سۆفییان ، لە پێش سارتەرەوە وتوویەتی : ( لا بارک الله فی مطلع یوم لا ازداد فیه علما ) بەم پێودانگەی موحاسبی بێت پێویستە ڕۆژانە مرۆ بە پانتایی دوێنێی خۆیدا بچێتەوە و بزانێ ئەو ڕۆژە چ هەنگاوێکی بەرەو ئایندەی هیوا و ئاوات و ئامانجە گەشەکانی خۆی ناوە و ئەو تەنگەژە و ئاستەنگ و کەموکوڕییانە لە هەمبەر چوونە پێشەوەی چی بوون و سبەینێ پرۆگرامی چی دەبێت و لە کوێوە تێهەڵدەچێتەوە . بۆیە پێویستە بۆ دەستەبەرکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سڤیلیی دیموکراتخواز ، بەو شێوە هەژییە بۆی دەسبەکار بین . دیموکراتییەت کەڵەگایی نواندنی زۆرینە نییە بە سەر کەمینەدا یان کۆمەڵ بە سەر تاکدا یان گەورە بە سەر بچووکدا یان پیاو بە سەر ژندا . تاک و کۆمەڵ دەبێ چونیەک و وەکوو دانەکانی نێو شانە لە پەنا دیموکراتییەتدا مافیان پارێزراو بێت ، تەنانەت تاک بۆ ئەوەی لە پانتاییەکی ڕەهادا بتوانێ گوزارش لە خۆی بکات ، پێویستە لە پێش کۆمەڵەوە حیسابی بۆ بکرێت ، چونکوو کۆمەڵ لە تاکەکان پێک دێت و ئەگەر تاک نەبێت کۆمەڵ پێک نایەت ، هەمیشەش تاک نەک کۆمەڵ ، بە درێژایی مێژووی پڕ شکۆی مرۆڤایەتی ، پێشەنگ و پێشڕەوی هەموو گۆڕانکارییەکی بابەتییانەی سەردەم و داهێنانێکیش بوون لە جیهاندا ، مەهاتما غاندی تاکێک بوو ئەو کۆمەڵە دواکەوتووەی هیندستانەکەی لەهەمبەر خۆی ، بەو هەڵوێستە بەجەرگانەیەوە وروژاند و بەبێ تەقە و کوشتن و برین ، بۆڕی بە ئیمپراتۆرییەتی بریتانیای عوزما دا و لە سەرزەمینی زێد و وڵاتەکەی خۆی بەدەری نان ، مارکس ، جێمسوات ، لافوازێ ، بتهۆڤن ، بووزا ، بۆشکین ، ئەنشتاین ، شکسپیر ، نالی ، مەلا مستەفای بارزانی ، ڤانکۆخ ، حەسەن زیرەک ، عەلی مەردان ، چۆپی ، زەکەریبیا ، مەرزە ... هتد ، ئەم کەسایەتییەیانە هەموو تاک بوون و تاکن کە توانییان بە بەهرەی سورمە سوبحانییەکەی باڵای کێوی تووری هونەر و داهێنانەکەی خۆیانەوە ، چاوی کۆمەڵی پێ بڕەشن و بەو تەرزە ورشەداری بکەن و بەو ئەندازەیە بیڕازێننەوە . داهێنانی تاکە کەسە زەمینەی دۆزەخی کۆمەڵ دەکاتە باخی ئیرەم و شنەی نێرگسەجاڕی دەشتی نەخشینی کاکی بەکاکیی گەرمیان دەخەملێنێ . خوداوەند بەو هەموو بەزەیی و بەخشەندەیی و میهرەبانییەی خۆیەوە ئەگەر تاک نەبوایە ، دەمێک بوو گیانلەبەر و زیندەوەران وەکوو کوردەکەی لەمەڕ خۆمان بە دەس دوو هێزی وەکوو پارتی و یەکێتییەوە زەلالەتیان بوو ! کەی ڕژێم و دەسەڵات و هەر کۆمەڵە و تاقم و دەستە و حیزبێک توانیان تاکێکی دیموکراتخواز و مرۆڤدۆستی سروشتپارێز و ئاژەڵپارێز پەروەردە بکەن ،

واتە بە سەر هەموو دیاردەیەکی دیکتاتۆرییانەی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ڕەنگدانەوەیەکی ناچیزەی زوڵم و زۆر و ستەم و دیکتاتۆرییەتدا زاڵ بوون و هەموو تەرزە چەوساندنەوەیەکیان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشاوە و توورِیان داوەتە نێو ئاوەڕۆ و زەلکاوی تاوان و زبڵخانەی مێژووەوە ، و لەبری ئەودا کۆمەڵگایەکی نموونەییان لێ پێک هێناوە ، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دیموکراتییەت پەروەردە و پەروەردەکردنە نەک دروشم و قسەی زلی بەر سێبەری داری زڕی بێبەری حیزبایەتی .

ئایا تاوەکوو ئێستا تۆژینەوەیەکی تێروتەسەلمان لەمەڕ ئەو دیاردە ناچیزە باوانەی نێو کۆمەڵگای کوردەوارییەوە کردووە و ئایا لە خۆمان پرسیوەتەوە کە بۆچی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ئێمەی کوردیشەوە ، کۆمەڵگایەکی باوکسالارییە و ئەم دیاردە ناساز و دژوارە لە کوێوە سەری هەڵداوە ؟ ڕژێم و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە پارتی و یەکێتیشەوە ، بە مەبەستی لەخشتەبردن و تەفرەدان و خەفەکردنی خەڵکانی سادەوە ، هەمیشە وەڵامی پێشتر ئامادەکراویان پێ بووە و دەسە چەورەکەی خۆیان بە دابونەریت و عورفی باوی نێو کۆمەڵگا و پەروەردەی نیو خێزانیدا سڕیوە ، شۆبنهاوەری فەیلەسووفی ئەڵمانی ، ئیرادەی مرۆی لە سەرووی زەمان و مەکانی کات و شوێنەوە داناوە ، واتە خواست و ویست و ئیرادەی مرۆیە زەمینە بۆ کات و شوێنی هەر تەرزە ڕووداو و گۆڕانکارییەکی نێو کۆمەڵگا دەسنیشان دەکات . بەڵام ئایا قەت ئەو پرسیارەمان لە خۆمان کردووە کە ڕێگاچارە بۆ گۆڕینی ئەو تەربییەت و عورفە باوە ناڕەسەنانەی نێو خێزان و کۆمەڵگای کوردەواری چین و لە کوێوە ئەو گۆڕانکارییانە دەست پێبکەین ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمەوێ بە پرسیارێکی دی دەست پێبکەم کە خۆی لە خۆیدا دەمانگەیەنێتە وڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکە . تەنیا وڵاتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەبێ و کۆمەڵگاکەی باوکسالاری نەبێت ئیسرائیلە ، بۆچی ؟ تەنیا وەڵامێکی هەیە و نابێ بە دوو کە ئەوان دیموکراتییەتیان وەکوو پرۆگرام و پەروەردە و بە پراکتیک وەکوو پێویستییەکانی خۆراک بۆ مرۆ و ماسی بۆ ئاو لە نێو قوتابخانە سەرەتاییەکانی خۆیانەوە تا دەگاتە بەرزترین دەسەڵات دەستەبەر کردووە . لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی سویددا مامۆستا هێندە ڕووخۆش و زوبانشیرینە ، قوتابی بە نزیکترین کەسی خۆی دەیژمێرێ و هیچی لێ ناشارێتەوە ، مامۆستا بۆچی ناتوانێ لە قوتابی بدات ؟ چونکوو ئەو قوتابی و منداڵ هەرزەکارە و جەنابی مامۆستاش گەورەی زماندرێژ ، وەکوو باوباپیرانیش فەرموویانە بە زمانی شیرین دەتوانی مار لە کون دەربێنی و مانگایشی پێ بلاوێنی ، بە نواندنی زەبروزەنگیش کونە مشک لە هەرقل و ڕۆستەمی داستان و ئەمیرە ئەرسەڵان و ئەسکەندەری مەقەدۆنیش دەکەیتە قەیسەری . پەروەردەی نێو ئەو تەرزە پۆلانەی کە لە کەش و هەوایەکی سازگاری دیموکراتییانەدا دەڕەخسێ ، منداڵ فێری ڕەوشتی بەرز و ڕاستگۆیی دەکەن و نازانن درۆکردن چییە ، منداڵێکیش بەو تەرزە پەروەردە کرابێت ، تەنانەت لەلای داک و بابیش گوێڕایەڵ و خۆشەویستر دەبێت ، بەڵام بە خودا هەر پۆلێکی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی ئەگەر لە بیست قوتابی تێپەڕی کرد ، نەک تەنیا بە کوتەک تەنانەت ئەگەر جارنەجار شەقیشی لەگەڵدا تێهەڵکێش نەکرێت ، دەبێتە گەڕەلاوژێیەکی ئەوتۆ ئەمسەر و ئەوسەری دیار نەبێت و سەگ خاوەنی خۆی تێدا نەناسێتەوە و چایخانەکەی مچکۆی بن قەڵاتی هەولێر ، شەرافەتمەندتر و قودسییەتی لەو پۆلە زیاتر دەبێت و باشتر زانستی لێوە فێر دەبێت .

دیموکراتییەت بە پڕوپاگەندە و بەرزکردنەوەی دروشمی ئاڵووالا و قسەی سەر زاری بێ کردەوەی لێپرساوە حیزبییەکان دەستەبەر نابێت . هەر حیزب و لایەن و خاوەن دەسەڵات و ڕژێمێک ، چەندێ زیاتر ڕێز لە مافی تاک بگرن و سەروەریی یاسا بەرز ڕاگرن ، دە هێندە باری قورسی ئەرکەکان لە سەر شانی خۆی و تەنانەت کۆمەڵیش کەم دەکاتەوە . بەڵام با پێکەوە ئاوڕێک لە بوارە جۆربەجۆرە بەناو خزمەتگوزارییەکانی نێو وڵاتە وێرانەکەمان بدەینەوە و ژێرانە مەسەلەکان تاوتوێ بکەین ، بۆ ئەوەی بزانین چی پاشاگەردانییەک بەدی دەکەین و چی دەبینین . هەر لە جادەوبانەوە بیگرە تا دەگاتە ئاو و کارەبا و بوارەکانی پەروەردە و خوێندن ، جارێ جادەوبانەکانی کوردستان لە جەبهەی شەڕی درێژخایەنی نێوان ئێران و عیراق ترسناکترە و ڕۆژانە بە دەیان لە ( الشهید اکرم منا جمیعاً ) لە سەر ئەو ڕێگاوبانانەدا دەکرێنە قۆچی قوربانیی شەڕە دەسەڵات و دزی و جەردەیی نێوان پارتی و یەکێتی ! ئایا کوردستان لە پارەی کەمە کە نەتوانن هەموو ڕێگاوبان و جادەکان بکەنە یەک ساید ؟ با سایدێک ئۆتۆمۆبیلی پێدا بێت و ئەوی تر پێدا بڕوات ، بە تایبەتیش لە ڕێگاکانی دەرەوەی شاردا ، جا ئەو کاتە بڕوانە و بزانە دوو ئۆتۆمۆبیل لە یەکدی دەکەون ؟ کەچی ئەوان بۆ ئەوەی خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدزنەوە دەڵێن ئۆتۆمۆبیلەکان سەرپێچیی یاسایان کردووە و بە پەلە لێیان خوڕیوە ! ئەی ئێوە پێم ناڵێن لە کام بوار لە بوارەکانی ژیاندا سەرانی ئەو دوو حیزبە پابەندی یاسا بوونە ، وەک دەیانەوێ تەنیا لە بواری

لێخورینی ئۆتۆمۆبیل و بازاڕی ئازاددا سەروەریی یاسا بپارێزن ؟ ئاوێک لە سەرچاوەوە بە لێڵی بگاتە خوارەوە ، هەتا لە سەرچەشمەکەوە چارەسەر نەکرێ و هەتا لەبەری بڕوا خەوشدارتر و لێخنتر دەبێت . ئەو هەموو بازرگانییەی کە بە خوێنی شەهیدە مردوو و زیندووەکانی هەڵەبجەوە دەکرێ ، ئایا تا ئێستا و لە پەنا دەسەڵاتی ئەو دوو حکومەتە قەڵەمڕەوەی کوردستاندا ، نەک هەر بچووکترین خزمەت بە شەهیدە مردووەکانی هەڵەبجە پێشکەش نەکراوە ، تەنانەت ڕێگاوبانێکی شایستەیش بۆ دانیشتوانە شەهیدە زیندووەکانیشی نەکراوەتەوە و تا ئێستاش قوربانییەکانی سەردەمی عەلی حەسەنی کیمیاوی هەر بەردەوامیی هەیە ، بەڵام ئەمجارەیان لە کۆمەڵکوژیی ڕێگاوبانەکاندا خۆی دەنوێنێ .

کردنەوەی ڕێگاوبان و قیرتاوکردنیان و دابینکردنی ئاو و کارەبا ، قوتابخانە ، نەخۆشخانە ، باخ ، دارستان ، جێی وەرزش ، مەلەوانگە ، دابینکردنی یاریگا ... هتد ، لە هەر شار و شارۆچکە و گوند و لادێیەک و پاک و خاوێن ڕاگرتنی کوچە و کۆڵانانی ناو شار و دەشتودەر ، ئەرکی سەر شانی هەر حکوومەتێکە و ئەگەر بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی نازانن ، با گۆڕەپانەکە بۆ خەڵکانێکی کارامە و لێهاتوو بەجێ بهێڵن کە لە ئاستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پاراستنی مافی دانیشتوانیدا بێ .

دیاردەیەکی زۆر ناشارستانییە پارتی لە سەر کەناڵە ئاسمانییەکەیەوە ئەو گوندییە داماوانە ناچار دەکات ڕۆژانە سوپاسگوزاریی جەنابی کاک مەسعوود بارزانی و کاک نێچیرڤان و کاک مەسروور و کاک نیهاد و کاک ، کاک ، کاک ... هتد بکەن ، چییە ئاویان بە بۆڕی بۆ گوندەکانیان ڕاکێشاون ! ئایا ئەو سوپاسگوزارییە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت لەبارتر نابێ ؟ بۆ دەبێ لە هەموو شتێکدا لاسایی ڕەفتارەکانی سەددام حوسێن بکەنەوە ! نەخێر هەر بەوانەوە نەوەستا و لیستەی ستایشکردن گەیشتە دەستوپا و خەدەم و حەشەم ، دوێنێ نەجات حەسەنەکەی کەرکووکیشان بە هەمان ئاواز خەڵکانی لەسەر ستاییشکردن دەستەمۆ کردبوو ، بەوەی کە حەفتەی دوو جار بە تەنکەر ئاو دەگەیەنێتە ئاوارەکانی لەیلانی نزیک کەرکووک ، دەبێ ئەو ئافرەتە داماوەیان چەندێ بەگیر هێنابێ تا بە ڕەوانی ئەو هەموو ستایشەی کاکە نەجاتی فیلەتەنیان پێ ئەزبەر کردبێ ؟ خۆزیا لە سەر تەلەفزیۆنەکەی پارتییەوە دەتانبینین کە بەم سەرەتای هاوینە ئەو خێزانە ئاوارانەی کەرکووک لە نێو دۆزەخی چ قوڕوچڵپاوێکدا و لە نێو ئەو چادرانەدا بە مەژی و مەمر دەگوزەرێنن !

جادەیەکتان بۆ ئەو گوندییانە قیرتاو کردووە کە بچووکترین ئەرکی سەرشانی خۆتانە ، بۆ دەبێ لە سەر تەلەفزیۆنی کەنالی ئاسمانییەوە ستایشتان بکەن ؟ ئایا ئەوە زەلیل کردن و سووکایەتی پێکردنی ئەو لادێ نشینانە نییە ، کە بە درێژایی تەمەنی شۆڕشی درێژخایەنی کورد ، ئەگەر نانێکیان بووبێ لەگەڵ پێشمەرگەدا برابەشیان کردووە ، وێڕای ئەوەی کە هەمیشە سووتەمەنیی شۆڕش و ئەنفال و کیمیاباران بوون ، پێم ناڵێن کاک فلان و کاک فیسان بارزانی ، ئەو پارەیان لە کوێوە هێناوە و بە زەبری قوڵنگی کام فەرهادی خەڵکی کەرەج پەیدایان کردووە ، کە بە خێری گیانی خۆیان بەو هەموو منەتەوە جادوبانی بۆ لادێنشینان پێ ڕادەکێشن و دەبێ ئەوانیش لە پاداشتدا وەکوو خودا ڕۆژانە حەمدوسەنای سەرانی ئیمپراتۆرییەتەکەی پارتیی لە سەر کەناڵە ئاسمانییەکەیانەوە بکەن ! کە دڵنیام هەوای پێنج ساڵی دیکە لێی نادات ، لە بەر دزی و جەردەیی قۆنتەراتچییەکانی مەسیفی سەلاحەدین ، ئەو جادانە داری بە سەر بەردییەوە نامێنێ و تۆزی دەچێ بە ئاسماندا . باشە قیر هەر قیر نییە ؟ ئەی باشە جادە قیرتاوەکەی زەمانی ئینگلیزی ئیمپریالیزم بۆ تاوەکوو ئێستاش بە ڕێکوپێکی وەک خۆی ماوەتەوە و بۆ ئەوەی ئێوە بەو شێوە کاڵوکرجە ؟ باوکم لەگەڵ مردووی حازریدا بە ڕەحمەت بێ زۆر جار دەیوت : یا خوا لە ئیستیعمار بە زیاد بێ ، ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئێستا شیووعی دەیخواردین ، ئێمەش خەریکە لە سەرمان ببێتە فەرز کە ڕۆژانە شوکرانەی خودا بکەین کە ئەگەر ئەمریکا و ئینگلیز نەبوونایە ، ئێستا بە دەستی شەڕی سارد و دەسەڵاتی نێوان پارتی و یەکێتییەوە ، بە چەشنی دەواری شڕی بەر کرێوە و ڕەشەبای چلەی

زستانی زریانەکەی نێوان خانە و حاجی هۆمەرانمان لێ بە سەردا دەهات . جادەوبان بەهەرحاڵ ، ئەی تۆ لەگەڵ ئەو بیناسازی و قوتابخانە و قیسمی داخیلیی قوتابیان و خانووبەرانەدا چی دەڵێی کە ئەو قۆنتەراتچییانەی بازرگانی خوێنی حکومەتەکەی هەولێر و خواپێداوەکانی مەسیفی سەلاحەدین ، بۆ ئەو گوندییە هەژبەسەرانە دروستی دەکەن ، وەک لە سەر تەلەفزیۆنەکەی لەمەڕ خۆیانەوە پێرێ پیشانیان دا ، هەر لە ئێستاوە سەبەکەی سەربانەکانیان تەقیون و دیوارەکانیشیان هەڵتۆقیون ، کە دڵنیام چەند ساڵێکی دیکە ناخایەنێ و بە سەریاندا دادەڕوخێ و داری بە سەر بەردییەوە نامێنێ و ئەو خەڵکەش دەبنە قۆچی قوربانی دزی و جەردەیی و بێ سەروبەریی سەرانی حکومەتەکەی هەولێر و دەچنە ڕیزی شەهیدانی هەمیشە پڕ شکۆی ژیر دەستی قۆنتەراتچییەکانی پارتییەوە . ئەمە ئەگەر نموونەیەکی دیموکراتییەتەکەی پارتی بێت کە دەم لە کێشەی نەتەوایەتیی هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە دەکوتێ ، ئەی دەبێ دیکتاتۆرییەتەکەی چۆن و چی ڕەنگ بێ ؟

هەرچەندە ئێستا ئەم قسانەش دەکەم بەڵام سبەینێ ئەگەر ڕاپرسیشم پێ بکرێت دەربارەی دەستەبەرکردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ هێژا کاک مەسعوود بارزانی ، لە پێش هەموو کەسێکەوە دەنگی پێ دەدەم ، چونکوو ئەو تەرزە ڕێکەوتنەی نێوان پارتی و یەکێتی کە هەموو دەسەڵاتێکیان بە خەستی و چڕی و دوور لە هەموو بیرێکی ئازادی دیموکراتییانەوە لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە ، منێکی کورد ناچار دەکات کە دەنگی پێ بدەم ، بەڵام نەک بە ویست و ئارەزووی خۆم بەڵکوو هەڵوێستی نەتەوەیی و وڵاتپارێزی و دەستەبەرکردنی گیانی تەبایی لە نێو ڕیزەکانی گەل و هەردوو دەسەڵاتە کوردییەکەدا و بۆ ئەوەی شەڕی براکوژی سەرهەڵنەداتەوە ، ناچارم دەکات کە دەنگی پێ بدەم ، بەڵام بەو مەرجانە نا کە پارتی بۆ هێژا کاک مەسعوود بارزانیی دەسنیشانی کردووە ، چونکوو ئەگەر ئەو تەرزە دەسەڵاتە ڕەها و دیکتاتۆرییەت و نیمچە کەڵەگاییە بۆ پارتی بچێتە سەر ، دەبێ سەد جار بڵێین ڕەحمەت لە سەدامی کفندز ، من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ئەو دەسەڵاتە بەرفرەوان و ڕەهایەی کاک فازڵ میرانی بۆ هێژا کاک مەسعوود بارزانی لە یەکێتیی داوای دەکات ، دڵنیام یەکێتی بە هێژا مام جەلالیشی قاییل نابینێ ، ئیتر چۆن بە هێژا کاک مەسعوودی ڕەوا دەبینێ کە تاوەکوو دوێنێ ئاگریان لە سەر پشتی یەکدی دەکردەوە و ئاویان لە کەللەی سەری یەکتریدا دەخواردەوە ! هەڵوێستێکە و پێویستیی بە بەخۆدا چوونەوەیەکی بنەڕەتی هەیە ، هەرچەندە پێشوەخت دەزانم کە بە خۆداچوونەوە لە فەرهەنگی پارتی و یەکێتیدا لایەجووز و مەحاڵە .

**ستۆکهۆڵم _ سوید _ 06 – 06 – 2005**

( ماوێتی )

**Rahman_256@hotmail.com**